





# کاتێک بەعزدەکەم

**یەکەمجار بێتاقەت دەبم، دواتر لەناو جۆگەلە ئاوێکدا دەگریەم هەتا فرمێسکەکانم ئەو ببینێت و تێبگات کە چەندە بێتاقەتم**

لالە بەکر ٨ ساڵە

**تورەدەبم، لەسەر حەوزێک ئاو دادەنیشم هەتا وێنەی مرۆڤێکی کینە لەدڵ ببینم و شەرمەزاربم کە ئێستا گەورەش بوو هێشتا هەر بەعزدەکەم.**

سۆزی بەهمەن ٨ ساڵە

**لەسەر قەنەفە ڕادەکشێم و سەیری کەس ناکەم، دەڕۆمە ژورەوەو نایەمە دەرەوە هەتا کەمێک بەتەنیای بیربکەمەوە.**

لۆنا کەمال ٨ ساڵە

**هیچ کاتێک بەعزناکەم، چونکە زوو پەشیماندەبمەوەو دەترسم ئەو لەگەڵمدا ئاشت نەبێتەوە.**

تاڤگە سەعید ٧ ساڵە

**پۆزش بۆ خۆم دەهێنمەوەو ئاشتیدەکەمەوە، چونکە شوێنی ئەو کەسەی کە بەعزدەکات دۆزەخە.**

نورهان بورهان ٦ ساڵە

**یەکەمجار هیچ ناڵێم، بەڵام دوای کەمێک دێم و دەپرسم خۆشتدەوێم؟**

شادی مەحمود٦ساڵە

**یەکەمجار بێتاقەت دەبم، بەڵام دواتر هەوڵدەدەم پۆزشی بۆ بهێنمەوە.**

سارا بەهادین٧ساڵە



**زۆرجار لەگەڵ براکەمدا بەعزدەکەم، بەڵام زۆر زوو پۆزشی بۆ دەهێنمەوە، چونکە خۆشمدەوێت.**

ئارا جەزا ٦ ساڵە

**بەتوندی دەقیژێنم هەتا هەمویان توڕەبن و بپرسن بۆچی بێتاقەتم؟**

لۆڤان سۆران ١١ ساڵە

**کاتێک لەگەڵ یەکێک بەعز دەکەم، بیانویەک دەدۆزمەوە هەتا قسەکانی دڵم بکەم، توڕەو نیگەران و تەنیاو دڵتەنگم. دەزانم دایک و باوکم بەئەمە بێتاقەتدەبن و ئامۆژگاریم دەکەن و منیش هەست بە هەڵەکەی خۆم دەکەم.**

ئارمان عەبدوڵا ١١ ساڵە

**هەستدەکەم کارێکی خراپم کردووە، لەبەرئەوە بێتاقەتدەبم. خێزانەکەشم بێتاقەتدەبن، تەنیام دەترسم هاوڕێکانم لەدەستبدەم، لەبەرئەوە هیچ کاتێک بەعزناکەم.**

ناز ئاوات ٩ساڵە

**لەو کارەی خۆم پەشیماندەبمەوە، بیردەکەمەوە بزانم هۆکاری ئەوە چی بووە. پاشان قسەدەکەم هەتا کێشەکەم چارەسەربێت. هەوڵدەدەم ئیتر ئەو هەڵەیە دوبارەنەکەمەوە.**

کاوان بەرزان ١١ ساڵە

**پەشیماندەبمەوەو بۆی ڕووندەکەمەوە کە لەسەرچی لەگەڵیدا بەعزمکردووە. پاشان تەوقەی لەگەڵ دەکەم و پۆزشی بۆ دەهێنمەوە.**

سەهەند ئیبراهیم ٩ ساڵە



